# کۆچ ...

تریٚ عومەر
Tre-omer@hotmail.com



باڵندەیەکی بیمارم
لەسەرلٚقی درەخت نەبێ
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
بە ئازار ترە ئازارم
سەرم ماندووی ڕۆژگارێکە و
دڵم مردووی
چوار دیوارە ..
ڕۆژم لێ وون دەکەن دۆستان
شەویشم پڕ لە هاوارە
سەیری چاوم مەکەن جوانە
هەمووی هەر ئێش و ئازارە
لە نێوانی بوون و نەبوون
دەکێشم ئاهی تەنیایی
چاوەڕیمە
ڕزگارم بێ
لە دونیای بوون و نەبوون و
لە ئاسمانی
بێ دڵنیایی..
ئەی باڵندە کۆچەرەکان
ئەگەر ئێوە هاتوون بۆ لام
لەبەهارا بمدۆزنەوە
بۆچی تێنووی بەر ڕەهێڵن
وا دەزانن بەهار لێرە
زوو کۆچ دەکا
نەکەن ئێوەش جێم بهێڵن ..